کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 21:55 10-2-2007

## با فەلەستینیەکان بێنە گوندەکەی ئێمە. . . . ڕزگار کۆچەر



داپیرم خوا عەفوی بکات هەموو جار دەی گوت گوندەکەی ئێمە لەبەر ووشکایەتی و زوڵم زۆری ئاغایان کەس نەدەوێرا ڕووی تێبکا، ئەو هەموو جاری دەی گوت بێجگە لە ماڵی مەلای گوندی و ماڵی فەقی خدرو ماڵی پلکم مریم وماڵی دەروێش برایم کەس نەی دەتوانی لەم گوندە ژیان بگوزەرێنێت، هۆکاریش نەبونی بیر ئاواو بوو کە هەموو جار دەبوو بە کەرە بۆزە لە گوندی مورتکە ئاو بێنیەوە گوندەکەمان کە ناوی گردەڕەشەی موفتی بوو. . سال هات وساڵ ڕۆیی گوندەکەمان تێکدراو داپیرەم کۆچی دوای کرد ومەلای گوندیش بەهەمان شێوە، شاریش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ فرەوان دەبوو، شارەوانیش گەرەك وخانوتەجاوزەکانی بەکەیف ومەزاجی خۆی تێك دەدا، ئەگەر واستەت نابوایە ئەوا جل و گۆرەویی و قاپ وقاچاغت دەکەوتە ناو دەمی شۆفەلەکەی شارەوانی، کە هەمان شۆفەل بلۆك وقوم وچەگەلی بۆ کابرای بەرپرس دەهێنا تا چوار پێنج خانوی تەجاوز دروست بکا، گوندەکەی ئێمەش سنوری بەلەدییەی لەگەل سنوری بەلەدییەی شاری هەولێر تێکەل بوو، گردەڕەش وەك داپیرەم باسی دەکرد تەنها پێنج مالی تێدا بوو کە ئێستا هیچیان خاوەنی تەنها بستێك زەویش نین لەم گوندە، کەچی ئێستا خوا بە زیادی کات پێنج سەد خانوی تەجاوز لە گوندی گردەڕەش دروست کراوە بەهاوکاری هەندی بەرپرس و پیاو ماقولی دارەتوو و هەندی دەبابە خۆری شۆڕشی تازەی گەلەکەمان، گەر هەڵە نەبم ئەوان دەیان زانی ڕۆژێك برا فەلەستینیەکانمان پێوستیان پێمان دەبێت، دیارە هەستی کوردایەتی ئەو قارەمانانە ئەوندە گەورەیە بۆیە زۆربەی زۆری خانووە تەجاوەزەکانی ئەو مالاکانە بەکری دراونەتە برا عەرەبەکانمان ئەوانەی لەشەری تائیفەگەری لە خواروی عێراق هەڵاتوونن، دیارە گوندەکەی ئێمە ئێستا بە قودرەتی قادر نسبەی لە دایك بوون و زەواج و بن پشك و ژن بە ژنە لە ناوی دا ئەوندە زۆرە بۆیە گوندەکەمان زۆر جار منداڵی ناو بێشکەش دوو خانوو یان زیاتری بەناو دەکرێت، بێجگە لەمەش ئەگەر دە دۆنم ئەرزەی کشتوکاڵیت هەبێت ئەوا دوو شەشت بۆ دەردەچێت، بۆ نمونە ئەو کات دەتوانی بە تەنها گەرەکێك بەناو خۆت بکەیت مەسەلەن گەرەکی قادراوە یان گەرەکی حەمەدەمیناوە، یان گەرەکی مەسیناوە بەهەر حاڵ ئێستا گوندەکەمان ئەرزەی زۆری تێداماوە بۆ کردنی موخەیەمێکی ئامادە بۆ برا فەلەستینیەکانمان، خەڵکی ئاوایش لەو پەری ئامادە باشی دان بۆ پێشوازی کردن لە کورە پوری ئەبو مازن و مامی یاسر عەرەفات و زربرای جبریل رجوب و خوشکە زای حەنان عەشراوی، لەگەل کردنەوەی خێوەتگایەك بۆ برایانی بزوتنەوی حەماس تۆزیك دوور لەگوند تا نەبێتە شەری فەلەستین کوژی بەتایبەتی جێگایەکی باش بۆخزم وکەس و کاری ئیسماعیل هەنیە چونکە ئەو بەرێزە ماوەیەك پێش ئێستا زۆر پشتگیری لە پێشمەرگەی کوردستان کرد، بێجگە لەوەش داپرم وەسیتی کردبوو ئەگەر مرد شوێنی کۆنی ماڵەکەمان لە گوند کە ئێستا شوێنی زبڵدانە بدرێت بە. . . . . . بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەگەر برا فەلەستینیە خۆشەویستەکانمان بۆ کوردستان هاتن ئەوا با بێنە گوندەکەی ئێمە و ناوەکەشی لە گوندی گردە ڕەش بگۆرن بۆ گوندی فەلەستیناوە تا هەر هیچ نەبێت ئەوانیش داوای ئۆتۆنۆمی بکەن لە چوارچێوی کوردستانێکی یەکگرتوو لەگەل عیراقێکی فیدرال و قەوی بەلی زۆر قەوی وەك ئەوەی ئەرز دەدری. . . عاش عەرەب و لاکراد

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.